


## خاکی

ناوی مەلا محەمەد خاکی کوڕی مەلا ئەحمەدە. لە ساڵی (١٨٣٧) دا لە گوندی (ئەحمەد برندە) لە ناوچەی هەڵەبجە لە دایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا قورئان و هەندێ کتێبی فارسی خوێندووە. پاشان لە سلێمانی لای (مەلا محەمەدی مەحوی) خوێندویەتی، دواتر بۆ خوێندن چۆتە سنەو لەوێ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە سلێمانی. خاکی لە سلێمانی دەست دەکات بە وانە وتنەوەو گەلێکی وەك بێخود، شێخ سەلام و مەلا ئەحمەد دیلێژەیی لای ئەو دەبنە قوتابی. خاکی بەردەوام دەبێت لە خزمەت کردنی نیشتمانەکەی تا لە ساڵی (١٩٠٨) دا کۆچی دوایی دەکات.

# هەمەرەنگ

## تونێل



بە کوناودەر کردنی شاخێك لەم دیوەوە بۆ ئەو دیو یان هەڵدڕینی ژێر زەوی یان ژێر ئاو دەوترێت تونێل. تونێل بۆ هاتوچۆ کردنی مرۆڤ و ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر بەکاردێت. کاتی خۆی مرۆڤ بە ئامێری سادەو بەهێزی بازوو تونێلی لێدەدا، بەڵام ئێستا ئامێری تایبەتی هەیە، کە بە شێوەیەکی هونەری و بە خێرایی تونێل لێدەدات. لە کوردستانیش، لە شارۆچکەی دەربەندیخان تونێلێك لە دەروازەی ئەو شارەدا هەیە کە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیست.

## پرتەقاڵ

میوەیەکی بە تام و سوود بەخشە. بە ڤیتامینەکانی (B,C)، هەروەها خوێی کانزایی وەك (کالیسیۆم و پۆتاسیۆم) و ترشی (ستریك و فۆلیك) دەوڵەمەندە. لە ناوچە گەرمەکاندا دەروێنرێت و درەختێکی هەمیشە سەوزە. بەرزییەکەی دەگاتە چەند مەترێك و گەڵاکانی هێلکەیی و بریقەدار و گوڵەکانی سپی و بۆندارن. گوڵ و توێکڵەکەی لە دروستکردنی بۆن (عەتر) دا بەکاردەهێنرێن.

